# شەونم

هۆنراوەی (2)

اگر آن ترك شيرازی به دست ارد دل ما را

دڵم دەس خا ئەگەر ئەو شۆخە شیرازی یەی دڵاوایە
بە رەشخاڵی دەکەم پێشکەش سەمەرقەند و بوخارایە
مەیی باقیم دەیە ساقی لە جەننەتدا پەیا ناکەی
قەراخی ئاوی روکناباد و سەیرانگەی موسەڵلایە
لە شارشێوێنەکانی شۆخ و شیرینکارە هاوارم
وەهایان سەبری دڵ بردم کە شاهۆ کەو لە سەحرایە
نیازێکی نیە بەو نیوە چڵ عیشقەی مە جوانی یار
چ حەوجێکی بە رەنگ و روو هەیە بووکێکی دڵخوایە
لە شاراوەی زەمان کەم بێژە باسی موتریب و مەی کە
بە کەس هەڵنادرێ و نەدرا بە زانین ئەو موعەممایە
ئەمن لەو جوانی یە بێ وێنەیەی یۆسف هەبووی زانیم
ئەوین دێنێتە دەر خۆگرتنی پەردەی زولەیخایە
جنێوم پێدە, تووکم لێکە,دووعات بۆ دەکەم چونکە
وەرامی تاڵی تۆ شیرینە لەو لێوە شەکەرخایە
نەسیحەت بگرە گوێ گیانە, لە گیان شیرینترە لایان
ئەوانەی بەختەوەر گەنجن سپاردەی پیری زانایە
دوڕت کون کرد و شێعرت گوت, وەرە و بیخوێنەوە حافز
بە نەزمت هەڵدەپڕژێنێ سەما کۆمای سورەییایە

حافزی حەقیقی 29.03.67